# خاوەی ئیمتیازی گۆڤاری (ئاینده) خەڵاتی رێزلێنانی وەرگرت

خاوەنی ئیمتیازی گۆڤارەکەمان"ئاینده"و نووسەری چیرۆکی (چای شیرین و کانییه ڕەحمان)و رۆمانی (شارو گەله گورك‌و ئەندێشەی مرۆڤێك) خەڵاتی رێزلێنانی پێبەخشرا.

حسێن عارف لە ساڵی 1936 لە شاری سلێمانی لە دایکبووەو ساڵی 1964 کۆلیژی یاسای لە بەغداد تەواوکردووە، بەدەر لە کاروباری پارێزەری‌و یاسایی خۆی، یەکێکە لە چیرۆکنووسە دیارەکانی نێوەندی ئەدەبی کوردی، کە لە شەستەکانی سەدەی رابردوودا یەکێك بووە لەو نووسەرو ئەدیبانەی کە رۆڵی دیاری لە بزوتنەوەی ئەدەبی‌و رۆشنبیریی کوردیدا هەبووە، دیارترین بزوتنەوەی ئەو قۆناغەش "روانگە" بووە، کە حسێن عارف لە هەڵسورێنەرو کارەکتەرە دیارەکانی بووە لەگەڵ "شێرکۆ بێکەس‌و جەمال شارباژێری و جەلالی میرزا کەریم‌و کاکە مەم بۆتانی"دا لە نیسانی 1970 بەیاننـــــامەی روانگەیان دەرکـــرد، لە دوای راپەرینیشەوە بووە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان‌و لە ساڵی 1998ەوە لە دامەزراندنی دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەمدا یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی سەردەم‌و جێگری سەرۆکی دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم بوو.



ئێوارەی 6/9 لە مەراسیمێکی تایبەتداو پاش پێشکەشکردنی فیلمێکی دیکۆمێنتاری لە سەر ژیان‌و بەرهەمە ئەدەبیەکانی حسێن عارف، جگە لە خەڵاتی دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم‌و چەندین دەزگای رۆشنبیری‌و فەرهەنگی تری کوردستان، خەڵاتی تایبەتی‌و رێزلێنانی بنکەی ئەدەبی‌و روناکبیری گەلاوێژی وەرگرت.

بە ناوی دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم‌و هاورێیانی لەم دەزگایەو لە گۆڤاری "ئاینده" پیرۆزبایی لە خاوەنی ئیمیتیازی گۆڤارەکەمان دەکەین‌و تەمەنی درێژو خەرمانی بەرەکەت بێت.